# هەنگاوەکان کە دەبێت بیگریەبەر ئەگەر

# بڕیاری نەرێنی پەنابەریت وەرگرت

ئەم نامیلکەیە یارمەتیت دەدات لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو، لەوانە:

1. داوای تێهەڵچوونەوە (ئەپیڵ کردن)
2. جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونت
3. شتی تر کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێ
4. ئەو ڕێکخراوانەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن

REFUGEE WELCOME PROGRAMME
DOING THINGS DIFFERENTLY FOR GREATER MANCHESTER

GMCA GREATER MANCHESTER COMBINED AUTHORITY

October 2024

بڕیاری نەرێنی لەسەر داوای پەنابەریت بەو مانایەیە کە داوای پەنابەریت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ڕەتکراوەتەوە.

## داوای تێهەڵچوونەوە (ئەپیڵ کردن)

- سەرەتا **پەیوەندی بە پارێزەرەکەت** یان نوێنەری یاساییەکەتەوە بکە بۆ **ئەوەی بزانیت ئایا مافی داوای** تێهەڵچوونەوەت (ئەپیڵ کردن) هەیە یان نا. ئەگەر پارێزەرت نییە، سەیری بەشی 'ڕێکخراوەکان کە دەتوانن یارمەتیدیت بدەن' بکە یان ڕاوێژکاری یارمەتی یاسایی لێرە بدۆزەرەوە: **https://find-legal-advice.justice.gov.uk**
- ئەگەر پێشتر داوای تێهەڵچوونەوەت کردووە (یان لە پرۆسەی ئەنجامدانیدایت)، لەوانەیە تۆ **شایستەی پشتیوانی پەنابەری و شوێنی** نیشتەجێبوون بیت – بە زووترین کات پەیوەندی بە دەزگای Migrant Help بکە.
- ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ گوتی تۆ '**مافی داوای تێهەڵچوونەوەت (ئەپیل) نەماوە**' پێویستە داوای ڕاوێژکاری یاسایی بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت چ بژاردەیەک لەبەردەستدایە.
- دەتوانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە داوای تێهەڵچوونەوە (ئەپیل) لەم ماڵپەڕە بدۆزیتەوە **www.righttoremain.org.uk/toolkit**

## جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونت

- **ئەگەر داوای تێهەڵچوونەوە نەکەیت**، ئەوا لە دوای 21 ڕۆژ لە بەرواری بڕیارە نەرێنییەکەوە پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بەجێبهێڵیت. پشتگیری پەنابەریت لە هەمان ڕۆژدا کۆتایی پێدێت.
- ئەگەر **پشتگیری بەشی** 4 (Section 4 support) وەردەگریت و بڕیارێکی نەرێنی وەربگریت، ئەوا لە ماوەی 14 ڕۆژ پشتگیری پەنابەریت کۆتایی پێدێت.
- دەزگای Serco دەبێت **بەلایەنی کەمەوە 7 ڕۆژ ئاگاداری جێهێشتنت** پێبدات. ئەگەر کەمتر لە 7 ڕۆژ ئاگادارکردنەوەت پێگەیشت، پەیوەندی بە دەزگای Migrant Help بکە

## خاڵە گرنگەکانی تر

1. ئەگەر دەتەوێت **بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت**، دەتوانیت لە ڕێگەی خزمەتگوزاری گەڕانەوەی خۆبەخشانەی وەزارەتی ناوخۆ (0300 004 0202) داوای هاوکاری بکەیت. پێویستە سەرەتا لەگەڵ یەکێک لە ڕێکخراوەکانی خوارەوە قسە بکەیت یان ئامۆژگاری یاسایی لەم بارەیەوە وەربگریت.
2. **ئەگەر بەربەستێکت هەبوو کە ڕێگریت لێدەکات لە جێهێشتنی** بەریتانیا، وەک بارودۆخێکی تەندروستی یان پەیوەندی خێزانی یان ئامادەکاری دەکەیت بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکی نوێ، لەوانەیە هێشتا شایستەی پشتیوانی پەنابەری بیت (پشتیوانی بەشی 4). پەیوەندی بە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی خوارەوە بکە.
3. **ئەگەر منداڵی** خوار تەمەنی 18 ساڵت هەیە، دەبێت پشتگیری مافی پەنابەری و نیشتەجێبوونت بەردەوام بێت تا منداڵە بچووکەکەت تەمەنی دەبێتە 18 ساڵ. ئەگەر منداڵت هەیە بەڵام داوات لێکراوە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بەجێبهێڵیت، پەیوەندی بە دەزگای Migrant Help بکە.
4. **ئەگەر تۆ کەسێکی پێگەیشتوویت کە پێویستت بە چاودێری و پشتیوانی زیاترە بەهۆی کەمئەندامی** یان نەخۆشییەکی جەستەیی یان دەروونییەوە، پەیوەندی بە دەسەڵاتی خۆجێیی ناوچەکەتەوە بکە چونکە لەوانەیە بتوانن پشتگیریت بکەن. ئەگەر پێویستت بە ئامۆژگاری زیاترە، پەیوەندی بە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی خوارەوە بکە.

## ئەو ڕێکخراوانەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن

**Migrant Help**

بۆ پەیوەندیکردن::
0808 8010 503

**یەکەی یارمەتی کۆچبەرانی مانچستەری گەورە (GMIAU)**

پشتگیری و ئامۆژگاری لەسەر چۆنیەتی داواکردنی تێهەڵچوونەوە (ئەپیڵ).

Greater Manchester IMMIGRATION AID UNIT

# ئەو ڕێکخراوانەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن

### خزمەتگوزاری قەیرانی پەنابەری لە دەزگای Refugee Action

پشتگیری بۆ داواکردنی تێهەڵچوونەوە یان ئەگەر تۆ کەسێکی گەورەساڵیت و پێویستت بە چاودێری و پشتگیری هەیە.

### خزمەتگوزاری پشتگیری شایستەیی سنووردار

ئەگەر مەترسی بێ ماڵ و حاڵت لەسەرە.

کامێرای مۆبایلەکەت ئاراستەی ئەم QR کۆدە بکە بۆ کردنەوەی Kompasi بۆ دۆزینەوەی ڕێکخراوە خۆجێییەکانی تر کە پشتگیری و ئامۆژگاری و ئاسوودەیی پێشکەش دەکەن.

SCAN ME